

دوێنێ تابلۆکەی مونک ڤیژانی، ڤیژەی من گوێی کەڕ و کاسی تیرۆریستان ناسمێت!



- دوێنێ 22ی مانگ سەعات 15 و بیست و شەش خولەک، تابلۆ بە ناوبانگەکەی مونک، تابلۆی هاوار، مونکی خەبەرکردەوە و پێی ڕاگەیاند دەنگی من فریایی ئەو هەموو هاوارە ناکەوێت، هاواری من گوێی کەڕوکاسی تیرۆریستانی بۆ ناسمرێت! هاوار و زریکەی کوڕ و کچانی نەرویج منیان شەرمەزارکرد،  تۆ هاوارت بە من کرد دژ بە نادادپەروەری، دژ بە نەبوونی ئازادی، دژ بە نەبوونی دیموکراتی، دژ بە نەبوونی یەکسانی، دژ بە نەبوونی تۆلێرانس، ئەوەتا ئەمڕۆ ئەمانە هەموویان لە وڵاتە جوانەکەیی تۆدا فەرهامکراوە، هەڵبەت نەرویجی جوان و ڕازاوە و پڕ لە کاری ئینسانی بەرهەمی تۆی هونەرمەند و دەیانی وەک تۆی دەست وپەنجە ڕەنگین و عەقڵی ڕۆشنبیران و ئەدیبان و شاعیران و سیاسییە بە مۆڕاڵەکانە، نەرویجییەکان تۆیان لەبیر ناچێت کە گەورەترین ڕاژەت بەم وڵاتەکرد و خۆشت ناخۆشترین ژیانی کولەمەرگیت بەسەر برد، من تابلۆیەکم لەو تابلۆیانەی کە تۆ لەبەر نەبوونی لەگەڵ دەیان تابلۆی تردا بەخشیت بە خاوەن خانوەکەت لە بری کرێ خانو، نەرویج و گەنجانی نەرویج تۆ لە یاد ناکان، وەلێ باش بزانە زریکەو ڤیژەی دوێنێی لاوان و گەنجانی نەرویج، زریکەو ڤیژەیەکی تر بوو جیا لە زریکەو ڤیژەکەی کە تۆ بەرجەستەت کرد لە منی تابلۆدا، بگەڕێوە، زیندوبەرەوە، وەرەوە بۆ نەرویج و جارێکی تر تابلۆیەکی تر بنەخشێنە، هاوارێکی تر بەرجەستە بکە لە تابلۆیەکی تردا، کە هێندە بەهێزبێت گوێی کەڕوکاسی تیرۆریستە ڕەگەزپەرستەکان بسمێت، هاوارێک دژ بە سەرجەم  ڕەگەزپەرەستەکانی جیهان، دژ بەوانەی ڕۆحی مرۆڤدۆستییان تیا نییە، دژ بەوانەی ڕۆحی لێبوردەییان تیا نییە، دژ بەوانەی دوژمنی

ژیانن و مردو پەرستن، دژ بەوانەی دەستیان چووە خوێنی نەوەکانت، ئەو نەوانەی کە ڕەنگی پێست ناناسن، زمانی جیاواز ناناسن، ڕەگەزی جیاواز ناناسن، توخمی جیاواز و بیروڕای جیاواز و دین و ئاینزای جیاواز ناناسن، ئەو نەوایەیی تەنیا مرۆڤ دەناسێت، تەنیا مۆڕاڵ و ئاکاری مرۆڤ دۆستی دەنانسێت.

- تیرۆر، هەر تیرۆرە هەرکەسێک و هەر لایەنێکی توندڕەو ئەنجامی بدات، تیرۆر ئەو دەستە چەپەڵەیە کە شەلم کوێرم ناپارێزم، کەس ناناسێت و کەس ناپارێزێت، چوونکە لە دڵ و دەرونێکی پڕ لە ڕق و کینەوە سەرهەڵدەدات، تیرۆر تۆڵەیە، تۆڵەش لە هەست و نەستێکی ڕەشەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە بەلایەوە گرنگ نییە کێ دەکوژێت، ژیان لە کێ دەشێوێنێت، گرنگ لای تیرۆریستان مردنە، تیرۆریستان عەشقی مردنن، دۆستی مردنن، دوژمنی ژیانن، ناحەزی تۆلێرانسن، پێکەو ژیان و تێکەڵی ناشونەکان و پێکەوە هەڵکردنی ڕەگەزە جیاوازەکان و دین و ئاینزا و بیروباوەڕە جیاوازەکانیان پێ قبوڵ ناکرێت، بۆیە لە هەرچ شوێنێکی سەر گۆی زەوییدا پێکەوە ژیان و گونجان و تەبایی و ڕێکی هەبێت، عەقڵ هەبێت، لۆژیک کار بکات، پێکەنین و ڕوخۆشی و موسیک و گۆرانی و دانس هەبێت، تیرۆریستان لە بچووکترین دەرفەتدا تێکوپێکی دەدەن و تاریکایی دادەهێنن بەسەریدا، گەورەترین داهێنان لای تیرۆریستان، تاریکییە، تیرۆریستانی فێندەمێنتالیست و تیرۆریستانی سەلەفی و تیرۆریستانی ڕاستڕەوی ڕەگەزپەرست یەک تیرۆریستن و وەک یەک دوژمنی پێکەوە ژیانن.
- ئەوتا، تا هەنووکە هەواڵەکان ئەوە ڕادەگەیەنن، ئەو دەستە ڕەشەی تیرۆریستان کە خۆی گەیاندە نەرویج و ویستی ژیان تێکبدات لە نەرویجی مونک و ئیبسن و بیۆرسۆن و دایکسمان و دەیان و سەدان و هەزاران و ملوێنان لە خەڵکی دیموکراتخواز و ئازادیخواز و ئینسانیی و خاوەن عەقڵی تورێلانس، ئەوە دەستی کورێکی گەنجی تەمەن 32 ساڵی ڕەگەزپەرستی ڕاستڕەوی توندڕەوی مەسیحی بوو، کە چاوی کوێر ببوو بە کۆبوونەوەی کچ و کوڕە گەنجەکانی سەر بە ڕێکخراوی لاوانی پارتی کرێکاران، کە بە دەیان لەو کچ و کوڕانە سەر بە ڕەگەزە جیاوازەکانی جیهان بوون و پێکەوە دەست لە ملانی گەنجانی نەرویج لە ئاهەنگ و کۆبوونەوەی فەرمی ڕێکخراوەکەیاندا لە یەکێک لە دورگە جوانەکانی نزیک ئۆسلۆدا کۆببوونەوە، ئەم بیرگڵاوە زیاتر لە 100 کەسی کوشت لەوانە سۆماڵی و پاکستانی و کوردیشی تێدایە، تا هەنووکە کچێکی کورد دیار نییە و بە دوایدا دەگەڕێن. کە پێدەچێت لە ترساندا خۆی فڕێدابێتە ناو ئاوەکەوە و خنکابێت. چەندین لەو کچ و کوڕانە خۆیان فڕێدابووە ناو دەریاکەوە و خنکان.
- پەرتوکخانەکەی دایکسمان، بەشێکی وێران بووە، ئەو دایکسمانەی کە لە ساڵی 1785دا 6 هەزار پەرتوکی پێشکەشکردو داوای کرد پەرتوکخانەیەک دامەزرێنرێت بۆ خەڵکی ئۆسلۆ و پەرتوک تیاییدا بە خۆڕایی بدرێت بە خوێنەران، دایکسمان دوێنێ ڕاپەڕی لە دەنگی دوولەت بوون و لە گرێژنەچوون وێران بوونی دەرگای سەرەکی پەرتوکخانەکەی.

- ئبسنی نووسەر و شاعیر و زمانزان، لە زریکەی کچ و کوڕەکانی دورگەی (ئویت ئوێییە) ڕاپەڕی و بوێرنسۆنی بە خەبەرهێنا و پێی ووت ڕەگەزپەرستان دەیانەوێت وڵاتی ئەدەب و شیعر و هونەرمان لێبشێوێنن. بەڵام دەستبەجێ هەروەک ئەوەی سەرۆک وەزیران گوێی لە ئیبسن و بوێرنسۆن و دایکسمان و مونک بێت، ڕایگەیاند ئێمە هەرچەندە ناشونێکی بچوکین، وەلێ زۆر بەهێزین، تیرۆریستان ناتوانن دیموکراتی و ئینسانیمان لێ داگیر بکەن، ئەوان ناتوانن نەرویج داگیر بکەن، ئێمە بۆ وەڵامی ئەوان و لە بری تۆڵە زیاتر دیموکراتی و مافی مرۆڤ و یەکسانی و کاری ئینسانی و ڕۆحی لێبوردن دەچێنین.
- سەرۆک وەزیران هەر بە لێدوانەکانی مەسجێکی جوانی نەگەیاند بە هەموو جیهان، بەڵکو بە ڕاوەستانی وەزیری داد لەگەڵ خۆیدا مەسجێکی جوانتری گەیاند، لە جیاتی وەزیری ناوخۆ، لە جیاتی وەزیری بەرگریی، لە جیاتی شێفی گشتی پۆلیس، وەزیری دادی لەگەڵ خۆی ڕاوەستان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە ڕۆژنامەگەرییەکەی، بۆ وەڵامی پرسیارە یاساییەکانیش خۆی وەڵامی نەدەدایەوە و بەجێیدەهێشتن بۆ وەزیری داد، ئەمە ئەو مەسجەیە کە دەبێت لە هەموو کاتێکدا یاسا سەروەربێت، و بەپێی یاسا کارەکانمان ڕاپەڕێنین، نەک بە هێز و ڕۆحی تۆڵە سەندنەوە. ئێوە تەماشەی ئەم وڵاتە پڕ لە ئینسانییە بکەن، ئەو تیرۆریستەی کە زیاتر لە سەد کەسی لەماوەی دوو کاتژمێردا کوشت و بە دەیان ملوێن کرۆن زیانی گەیاند بە نەرویج و قەیران و شۆکێکی گەورەی دروستکرد، لە دڵڕەقترین مەحکمە و حاکمدا ئەم تیرۆریستە تەنیا 21 ساڵ حوکم دەدرێت، چوونکە ئەوە بەرزترین ئاستی حوکمە لەم وڵاتەدا.

جیهاد موحەمەد/ نەرویج